# له يادی 37 ساڵەی تاوانی ئەنفال

37ساڵ لەمەوپێش, رژێمی بەعس یەکێك لە گەورەترین تاوانەکانی سەدەی بیستەمی لە ئاستی جیهان بەرامبەر بە گەلی کورد ئەنجامدا بەناوی ئەنفال, بەعس لە ماوەی 8 ساڵدا 4 تاوانی جینۆسایدی بەرامبەر بە گەلەکەمان پیادە کرد" کۆمەڵکوژی فەیلی, جینۆسایدی بارزانی, کیمیابارانی هەڵەبجە و جینۆسایدی ئەنفال", ئەنفال گەورەترین و بەرفراوانترین پرۆسەیان بوو,. لە دوای کۆمەڵکوژی رواندا گەورەترین بوو لە جیهان لە دوای جەنگی جیهانی دووەم

بە داخەوە ساڵ لە دوای ساڵ داواکارییەکانمان دووبارە دەبنەوە, وەعدو بەڵێنەکان دەسەلات ئەنجامیان نابێت, حکومەتی کوردستان کە بەرهەمی قوربانی و خەباتی ئێمە بوو, کەچی بووە حکومەتی لایەنگری تاوانبارانی جینۆساید, بۆ ئەمساڵ لیستی داواکارییەکانمان کەم دەکەینەوە بۆ:

1- دادگاییکردنی تۆمەتبارانی ئەنفال, کە لە رێکەوتی 20-5-2007 ەوە بڕیاری دەستگیرکردن و دادگاییکردنی بەشێکیان دەرچووە لە لایەن دادگای باڵای تاوانەکانەوە, داواکارین ناوەکانیان بدرێتە پۆلیستی ئەنتەرپول و دامودەزگاکانی کوردستان وەك تاوانبار بیان ناسن و حیزبەکان بە تایبەت دەسەڵاتداران لە ریزەکانیان دەریان بکەن و ئەستۆ پاکی خۆیان دەرببڕن لە بوونی تاوانبارانی جینۆساید لە ریزەکانیان.

2- هێنانەوەی روفاتی قوربانیان و ئەنجامدانی پرۆسەکانی شیکاری لە زووترین کاتدا بۆ ناسینەوەیان.

3- حکومەتی عێراق داوای لێبوردن لە قوربانیانی جینۆساید بکات, ئەمەش ئەرکی سەرۆك کۆماری عێراقە, بە داخەوە پۆستەکە بە دەست کوردەوەیە.

4- هەموو لیستەکانی موچەی "شەهیدان, جینۆساید, بریندارانی چەکی کیمیاوی, زیندانیانی سیاسی, پێشمەرگەی دێرین" بڵاو بکرێنەوەو لە بوونی گەندەڵی و ناوی تاوانباران پاك بکرێنەوە.

5-سەربازگەی تۆپزاوا لە فەوتان و لە ناوچوون رزگاربکرێت و بەپەلە بکرێت بە مۆنۆمێنتێکی شایستە بە قوربانیانی ئەنفال، چونکە سەربازگەی تۆپزاوە بە هاوشێوەی سەربازگەی ئۆشفیتزی هۆڵۆکۆست، هەڵگری دەیان پەیام و چیرۆکی قوربانیانی ئەنفالە.

-6 وەڵام به داواکاری کەسوکاری قوربانیان بدرێتەوە، جیاوازی لە نێوانیان نەکرێت، ئەوانەی خانوو و زەویان بۆ دابین نەکراوە بۆیان دابین بکرێت، ژیانی شایستە بۆ تاقانەکانی جینۆساید، رزگاربووانی گۆڕی بە کۆمەڵ، رزگاربووانی ئەنفال، بریندارەکان و ..... دابین بکرێت.

-7 داواکارین لە بەرپرسان، بۆ رێزگرتن لە قوربانیانی ئەنفال هەموو دانیشتن و وێنە گرتن و سەردانیکردن و بەشداریکردنێکی پرسەی 423 تۆمەتباری ئەنفال و ئەوانەی ناویان لە لیستەکەدا نییە رابگرن بە تایبەتیش 258 کەسەی هاووڵاتی هەرێمی کوردستانن، جوڵەی سیاسییان رابگرن، رێز لە 182000 قوربانی ئەنفالمان بگرن.

-8هەر بەشدارییەکی سیاسی لە سەرۆك فەوجە جاشەکان، سەرۆك مەفرەزە خاسەکان، ئامر سرییەکان، رەفیق حیزبییەکان، ئەمن و ئیستخبارات و تەواری رژێمی پێشوو قەدەغە بکرێت.

-9لێکۆڵینەوە بکرێت لە هۆکاری وێرانکردنی سەربازگەی دووبز دوا مەنزڵگای هەزاران ژن و منداڵی ئەنفالکراو و نەپاراستنی.

## رێکخراوەکان:

رێکخراوی کوردستان بێ جینۆسایدkwg -

-تۆڕی رێکخراوە کوردستانییەکان لە پێناو دادگای تاوانی نێودەوڵەتیKoncicc –

-تۆڕی ئایکان کوردستان ـIKN

-رێکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کۆکوژ لە کوردستان ـOAWMD

-رێکخراوی هەڵمەتی دادپەروەری ـOJC

-رێکخراوی جیهانی بێ چەکی کیمیاوی و بایەلۆجیwww-

-هەڵمەتی ژیان دژ بە ئیعدام لە کوردستان

-گۆڤاری تۆبزاوە

-رۆژنامەی نگرە سەلمان

**-رێکخراوی مانەوە  بۆ پرسی شەهیدان و ئەنفالکراوان**

**-کوردۆساید وۆچ-چاك کوردستان**